رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-7-2007 17:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**جادووی حەنین ... د. ناصح قەرەداخی**

گەرچی رۆژم لە بان سەکۆی ماڵەکانی نیشتمانم
تەمەنێکە لە چاوەچاو
زیندانێکە لە خەونی سەوز
ژووانێکە لەگەڵ حەزو تاسەی راماو!
***
گەرچی شەوم لە کۆڵانی شارەکانی نیشتمانم
ئاسمانێکە رەش داگەراو
شەرمن بە ماچی ئەستێرە
نامۆ بە خەرمانەی مانگ و تیشکی هەتاو!
***
گەرچی زەمان لەسەر کوڵمی کێوەکای نیشتمانم
فرمێسکێکی قەتیس ماوە
نیگایەکە ئەسیری چاو
رووبارێکی راوەستاوە!
***
گەرچی مێژوو لە بن دارو بەردەکانی نیشتمانم
جۆگەی ئارەقە و خوێن و نان
رێچکەیەکە توناو تون وێڵ
یاداشتێکە پڕ لە گومان!
***
گەرچی، گەرچی، گەرچی... بەڵام
ترووسکەیەک لە نیگاما
چەخماخەیەک لە ناو دڵی بەهیواما
بۆنیک لە ئەشق لە ناو باخچەی تەمەنناما
بانگم ئەکەن بۆ باوەشی ئەم دۆزەخەی بەهەشتی من
لوولم ئەدەن بۆ گێژەنی خەیاڵی ون.
بە گوڵاوی ئەشقی شیرین
مەستم ئەکەن.
بە زنجیری جادووی حەنین
دیلم ئەکەن.
وێڵم ئەکەن
بە سەرابی خەونی رەنگین،
ئەم جادووەی ئەشق و حەنین.
*****

nasihqeredaxi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.